# لەجیاتی سەربەخۆیی خەبات بۆ خەڵاتی نۆبێل دەکرێ!!



ڕێکار ئەحمەد

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلانی ژێردەست و داگیرکراو هەمیشە تەواوی هێزو تواناکانی خۆیان بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای گەل و نیشتمانە داگیرکراوەکەیان تەرخان دەکەن. ڕزگاری و سەربەخۆیی دەکەنەئامانج، لێبڕاوو شێلگیرانە تێدەکۆشن، دۆست و لایەنگری دەرەکی بۆ کێشەکەیان پەیدا دەکەن، هەرگیز گرەو لەسەر ناساندنی سەرکردەو حزبەکانیان ناکەن، بەو هۆیەشەوەهەم دۆزی ڕەوای خۆیان دەناسێنن، هەم دۆست و هاوسۆزی بێژمار لەدەورەی خۆیان کۆ دەکەنەوە. ئەگەر باس لە مێژوویسالی ڕابردوو بکەین، دەبینین دەیان بزاڤی ڕزگاریخوازی وەک ئەریتیریا، مەکەدۆنیا، تەیمووری خاوەر، مۆنتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ سەرکەوتووانەکایەی دیبلۆماسییان بەڕێوە بردووە، هەرگیز لەخەمی ئەوەدا نەبوونە کەسەرکردەو پارتەکانی خۆیان بەجیهانی دەرەوەبناسێنن، کرۆکی مەبەست و ئامانجی ئەوان ناساندن و سەرخستنی کێشەی ڕەوای گەل و نیشتمانەکەیان بووە، هەر لەم ڕۆژانەدا هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کەمارتی ئاهتیساری نێردەی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەراپۆرتێکدا پێشنیاری بۆ بان کی مۆن سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە تا سەربەخۆیی بەکۆسۆڤۆ بدرێ و لەسربیا جیا بکرێتەوە، ناوبراو لەراپۆرتەکەی خۆیدا نوسیوویەتی: ( سەربەخۆیی تەنیا بژاردەی کردەییە بۆ ئەوەی کۆسۆڤۆ لەرووی ڕامیاریەوەسەقامگیر بێ و بتوانێ بنەماکانی بەردەوامی ئابووری خۆی وەدەست بێنێ )

مارتی ئاهتیساری سەرۆکی پێشووتری فینلاندو نێردەی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێیوایەکەدەبێ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ڕێکوپێک بێ و لەدەستپێکدا هێزەکانی سڤیل و سەربازی نێودەوڵەتی تێیدا جێگیر بن، هەر لەم پێوەندیەدا ڕێزدار چیکۆ سەرۆکی هەرێمی کۆسۆڤۆ پشتیوانی لەپێشنیارەکەی مارتی ئاهتیساری کردووەو گوتوویەتی : ( سەربەخۆیی تاکە بژاردەی واقیعی و کردەییە) لەهەمان کاتدا یەکێتی ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی خۆیان لەپێشنیارەکەی مارتی ئاهتیساری ڕاگەیاندووەکە دوای ساڵێک لەدانوستاندنی نێوان نوێنەرانی کۆسۆڤۆ و سربستان هیچ بەرهەمێک وەدەست نەهاتووە، هیچ لێک نزیکبوونەوەیەک بەدی نەکراوە. هەرچۆنێ بێ زۆربەی چاودێران پێیانوایەوێڕای نارازیبوونی ڕوسیاو هەندێ وڵاتی دیکەلەوانەیە ئەمساڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەنگ بەپێشنیارەکەی مارتی ئاهتیساری بدات و بڕیار لەسەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بدرێ.

هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەدوای ڕیفراندۆمی مۆنتینیگرۆ کەپێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆیی لێکەوتەوە، باشترین نموونەن کەدەبێ کوردستانیان وانەو پەندی لێوەربگرن و شوێن پێی ئەوان هەڵبگرنەوە. ئێستا ئەگەر ئێمەی کوردستانی بەراوردێکی ڕاستوێژانە لەنێوان تێکۆشان و کاری دیبلۆماسی خۆمان دەگەڵ ئەواندا بکەین، دەبینین کەئێمەزۆر ناشارەزاو خۆویستانەکارمان کردووە، مەبەستمان ناساندنی حزب و سەرکردەکانمان بووە. سەرکردەمان لەپێش حزب، حزبیش لەپێش بزاڤی ڕزگاریخوازی، بزاڤی ڕزگاریخوازیشمان لەپێش کێشەی ڕەوای گەل و نیشتمان داناوە، کەدەبوایە پێچەوانە کار و تێکۆشانی خۆمان درێژە پێبدابایە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم کاربەدەستانی کۆسۆڤۆ زۆر زیرەکانەتوانیویانەسەرنجی دەیان کەسایەتی وەکو مارتی ئاهتیساری و دەیان وڵاتی وەکو ئەوروپا بەلای خۆیان ڕابکشێن، وەکو دۆست و هاوسۆز سوودیان لێوەربگرن، بەڵام دەستەڵاتدارانی کوردستان بەئاقارێکی دیکەکاریان کردووە، چونکە ریفراندۆم دروشمی خۆیان نەبوو، دروشمی حزبی ڕزگاری و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، دواتریش ڕۆشنبیران هەنگاویان بۆ هەڵێنایەوەو بزاڤی ڕاپرسیش توانی لەو ریفراندۆمەنا فەرمیەی کە لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، ڕێژەی ٩٨% دەنگی بەشدار بووان بۆ سەربەخۆی وەربگرێ، ئەوانەی بەشداریان کردبوو، سەربەخۆییان پەسندکردو دەنگیان بۆ جیابوونەوەلەعێراق دا، بەڵام مخابن دەستەڵاتداران و سەرکردایەتی هێزەسیاسیەباڵادەستەکانی کوردستان هیچ پێوانەیەکیان بۆ دەنگی کوردستانیان نەکرد، زۆر لەخۆبردووانەو شێلگیرانەهەوڵی دامەزراندنەوەی عێراقیان دا، خەڵکی کوردستانیان هەناسەسارد کردەوە، کەچی ئێستاش هەر بەناوی گەلی کوردستانەوە قسە دەکەن و لەجیاتی ئەوانەوەلێداوان دەدەن و باس لەیەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن.

ئێستا وێڕای ناکام مانەوەی ماددەی ١٤٠، وێڕای ئەوەی کاری ڕاستین و بەرهەمدار بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکانی دیکە نەکراوە، وێڕای ئەوەی کەکاربەدەستانی بەغداد بەپشتیوانی ئەمریکا خۆیان لەکێشەی کوردستان، بەتایبەتیش پارێزگاری کەرکوک دەدەزنەوە، کەچی ڕاگەیاندنی دەستەڵاتداران باس لەسەرکەوتنی دیبلۆماسی خۆیان دەکات و وا پێشان دەدەن کەتەواوی هەوڵ و کۆششی خۆیان بۆ سەرخستنی ئەو کێشەیەدەکارکردووە!

لەواری کردەییدا دەستەڵاتدارانی کوردستان نەک هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵناگرنەوە، بەڵکو لەراگەیاندنەکانیاندا هەوڵی خاپاندنی کوردستانیان دەدەن و لەبار نەبوونی ڕەوشی هەرێمی و نێودەوڵەتی و دراوسێکان گەورەدەکەنەوە، وەکبیانۆو پاساو دەرخواردی خەڵکی دەدەن و خۆیان لەسەربەخۆیی دەدزنەوە. مخابن هەندێک لەوان لەجیاتی خەبات بۆ سەربەخۆیی بکەن، کەچی زۆر شێلگیرانە کار بۆ ئەوە دەکەن کەناوەکانیان لەسەر شەقام و کۆڵان و زانکۆ و شوێنە گشتیەکانی وڵاتانیدیکە دابنرێ، بۆ ئەو مەبەستەش هەزاران هەزار دۆلار تەخشان و پەخشان دەکەن، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی کەهەندێ سەرکردە بودجەی کراوەی بۆ ئەوە تەرخان کردووەتا ناوەکەی لەلیستی بەرئەندامانی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی دابنرێ. ئێستا بزاڤێکی نهێنی دەستکراوە بۆ ئەو مەبەستە ڕاسپێردراوە، پێوەندی بەکەسایەتی و لایەنەکانی نێودەوڵەتییەوەدەکەن، خەڵات و دیارییان پێشکەش دەکەن و داوایان لێدەکەن تا ناوی فڵانە کەس لەلیستی بەرئەندامانی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیدا ڕیزبەندی بکرێ!!

لێرەدا وەکو تاکێکی کوردستانی مافی خۆمە بپرسم: ئایا جێگیربوونی ناوی سەرکردەیەک لەلیستی بەرئەندامانی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لەسەربەخۆی گەورەترە؟! ئایا ناساندنی حزبێک و سەرکردەیەک لەناساندنی کێشەی ڕەوای گەل و نیشتمانێکی داگیرکراو پیرۆزترە؟! ناچارم و ڕاشکاوانە دەڵێم:سەرمایەی گەل و نیشتمانێک دەبێ بۆ خۆشبەختی و بەختەوەری گەلەکەی و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانەکەی تەرخان بکرێ، دەبێ لەپرۆسەی بەرەو سەربەخۆیی دەکار بکرێ، بەڵام تاوانێکی نەبەخشراوەئەگەر ئەو سەروەت و سامانەی نیشتمان بۆ تەکانەیی سەرکردەکان و بۆ پیاهەڵدانی حزب و بۆ ڕیزبەندی ناوی ئەوان لەلیستی بەرئەندامانی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بەفیڕۆ بدرێ. من هیوادارم کەسەرکردەکانی کوردستان ئاوڕێک لەمێژووی سەرکردەو دیکتاتۆر وفەرمانڕەوا ملهوڕەکانی وڵاتان بدەنەوە، ئەوانەی سەروەت و سامانی بێ ژمارو پێوانەنە کراویان کۆکردبۆوە، بەڵام بەفووی تورەیی جەماوەر گلۆرەیان کەوتەلێژی و هیچیان بۆ نەماویەوە.

ناوی ئەو سەرکردەو حزبانە لەمێژوودا بەنەمری دەمێنێتەوەکەخۆبەخش و خۆنەویستانە لەپێناو دۆزی ڕەوای گەل و نیشتمانەکەیاندا تێدەکۆشن. نەوەی داهاتووش یادی ئەو سەرکردانە دەکاتەوەو ڕێزیان لێدەگرێ کەبەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ گەل و نەتەوەکەیان دەکەنەئامانج و هەرگیز بیر لەخۆ دەوڵەمەندکردن و سامان کۆکردنەوەناکەنەوە.

rekarahmed@hotmail.com
rekarahmed@yahoo.de
٢٠٠٧-٣-٢٧

# زالمای دانوستاندن لەگەڵ کێ دەکات؟!

ئاکۆ مەجید

پێگەی نیۆیۆرک تایمز ئاشکرای کردووە کەزالمای خەلیزادی باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لەبەغداد دانی بەوە داناوەکە دەرگەی دانوستاندنی بۆ ئەو گروپانە واڵاکردووە کەشەڕی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەکەن . ئەو لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵیان دانیشتووەو لێیخواستوون کەهاوکاری ئەمریکا بکەن و بەشداری لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا بکەن !

لەوەتەی حکومەتی ئەمریکا لەزەلکاوی عێراقدا چەقیوەو بواری فراوانخوازی و پاوانکردنی دیکەی بەرتەسک بۆتەوە، هەڕەشەو گورەشە لەم و لەو دەکات و ئۆباڵی شکان و چەقینی خۆی دەئەستۆی دیتران ڕادەکات، سیاسەتی پاشقولگرتن لەگەڵ کورد درێژە پێدەدات، کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک دادەنێ و بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی خۆی ئامادەیە هەموو شێوەو شێوازێک تاقی بکاتەوە، هەموو دەرگەیەک دەکوتێ و سەر بەماڵی هەموو ناحەزێکیش دادەکات.

حکومەتی ئەمریکا بەبیانۆی لێدانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو هاوپەیمانانی بەملیاران دۆلار تەرخان دەکات و بەڵێنی چەواشەکاری بەخەڵکی ئەمریکا دەدات و بانگەشەی پتەوکردن و پاراستنی هێمنایەتی وڵاتەکەی دەکات، جۆرج بووش سۆزو بەڵێن بەهاوپەیمانانیخۆی و وڵاتانی دیکە دەدات کە تا دوا دڵۆپ خوێن شەڕی تیرۆریستان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو هاوپەیمانانی دەکات و سەرکەوتنیش مسۆگەر دەکات!! کەچی باڵیۆزەکانی خۆی ڕادەسپێرێ تا لەژێرەوە داوای ڕێککەوتن و دانوستاندن لەگەڵ ئەو گروپە چەکدارانە بکەن کەخۆی بەتیرۆریست و هاوپەیمانی ئەلقاعیدەو لەیاسابەدەر ناویان دەهێنێ! لێرەدا دروشم و بانگەشەکانی سەرکۆماری ئەمریکا نەک لەژێر پرسیار دەکەون، بەڵکو تا بینەقاقایان نغرۆی درۆ و فریودان و خاپاندن دەبنەوە.

حکومەتی ئەمریکا ئەگەر ڕاستوێژانە پەیامی لەناوبردنی تیرۆریستانی پێیە، با چیتر پشتیوانی لەو فەرمانڕەوا ملهوڕو خۆسەپێنەرو دیکتاتۆرانە نەکات کە بەبەرچاوی جیهانەوە بەئاگرو ئاسن



فەرمانڕەوایی وڵاتەکانیان دەکەن ! ئەگەر جۆرج بووش ڕاشکاوانە دەیەوێ تا دوا وێستگە شەڕی تیرۆریستان بکات، با لەژێرەوە باڵیۆزەکان ڕانەسپێرێ تا دانوستاندن لەگەڵ گروپە توندڕۆکان بکەن!! ئەگەر حکومەتی ئەمریکا خۆنەویستانە دەیەوێ بەلای تیرۆر لەجەستەی گەردوون بکاتەوە، با چیتر لەژێرەوە پوول و پارەیان بۆ هەڵنەڕێژێ، بۆ درێژەدان بەکوشتاری خەڵکی سڤیل کارئاسانیان بۆ نەکات!

زالمای خەلیلزاد خۆی دانی بەوە داناوەکەسەردانی ئوردەنی کردووەو چاوی بەنوێنەرانی سوپای ئیسلام و کەتیبەکانی شۆڕشی بیست کەوتووە!! بەڵام ناوبراو ئامادەنەبووە کە وردەکاری زیاتر بەڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز بدات.

هەندێک پێیانوایە کەبۆچوونی خەلیلزاد پێچەوانەی ئەوانەی دیکەیە کە دەڵێن نابێ بەهیچ شێوەیەک دانوستاندن لەگەڵ گروپە توندڕۆکاندا بکرێ، کەچی ئەو لەسەر داوای سەرۆکی ئەمریکا ئەو هەنگاوەی هەڵگرتۆتەوەو کەسیش باوەڕ ناکات کەئەو لەخۆڕاو بێ پرس ئەو دیدارانەی ئەنجام دابێ .

زۆر لەوانەی کە لاگیری لەبۆچوونەکانی زالمای دەکەن، پێیانوایە چونکە خۆی لەبنچینەدا ئەفگانیەو شارەزایی باشی لەدابونەریتی کۆمەڵگەی ئاسیایی و ڕۆژهەڵاتدا هەیە، دەتوانرێ سوودی لێوەربگیرێ و باشتر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەنێو کۆمەڵگەی موسڵماندا بپارێزێ. ئەو لەیاریکردنی سیاسەتی ڕۆژهەڵات و ئاسیادا ڕۆڵی کاریگەر و دەستی باڵای هەیە، بەڵام دژەکانی پێیانوایە کە زالمای بۆ پاراستنی گیانی خۆی و بۆ فراوانکردنی دەستەڵات و بەرژەوەندیەکانی خۆی ئەو پێشنیارەی کردووەو ئەو دیدارانەی ئەنجام داون.

دەرخستنی ڕاستی ئەو هەواڵانەی کەپێشتر بڵاودەکرانەوە، دیداری نێوان ئەمریکیەکان و گروپە سوننە توندڕۆکانیان ئاشکرا دەکرد و لەلایەن ئەمریکایەکانەوە ڕەت دەکرانەوە، ئەو گوتەیە سەر ڕاست دەکاتەوە کە دەڵێ: ئەمریکا بەرژەوەندەخوازە، لەپێناو پاراستن و گەورەکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی پرۆسەی چەواشەکاری لەمیدیاکاندا درێژە پێدەدات، ڕای گشتی وڵاتەکەی و جیهانیان هەڵدەخەڵەتێنێ.

# ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان ڕادەگەیەندرێ

ڕۆژی گەل

دەستەڵاتدارانی کوردستان ئەوەی نیازیان بێ ئەنجامی دەدەن و گوێش لەهیچ لایەن و هێزی دیکەناگرن . ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵی پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتەسیاسیەکانی کوردستان بڵاوبۆوە ، بەڵام زۆر لایەن و کەسایەتی سیاسی نارەزایی خۆیان سەبارەت بەپێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنەدەربڕی و بەکوشتنی پرۆسەو سیستەمی دیموکراسیان دانا .

لەم جیهانەپان و بەرینەدا نموونەیەکی لەم شێوەیەنیەکەپارلەمان بەلیستی حزب و بەدەنگی خەڵک هەڵبژاردرابێ و حکومەت متمانەی خۆی لەوپەرلەمانەوەوەرگرتبێ کەچی هێزەسیاسیەکان ئەنجوومەنیان هەبێ و باڵادەست بکرێنەوە!!

هەندێک لەچاودێران پێیانوابوو کاتی خۆی بەرەی کوردستانی سەرکردایەتی سیاسی هەبوو ،باڵادەست بوون ، فەرمانیان دەردەکرد و حزبەکانیش بودجەیان بۆ تەرخان کرابوو ، پرسیان پێدەکراو مافی ڤیتۆیان هەبوو، ئێستابەرپرسی لایەنەکان بەیادی دەستەڵاتی بەرەی کوردستانیەوەدەیانەوێ جارێکی دیکەش حزب و سەرکردەکان بەسەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا باڵا دەست بکەنەوە، کەچی دەستەڵاتداران ئەو تۆمەتەیان ڕەتدەکردەوەو وایان بڵاو دەکردەوەکە ئەوان لەدیموکراسی باڵاتر هەڵدەکشێن و دەیانەوێ لەئەنجوومەنێکی گشتگیردا دیموکراسی و فەرمانڕەوایی و دەستەڵات بخوێننەوە، بۆیەسەرجەم هێزەکانی کوردستان دەگرێتەوە. ئەمەش واتای گوێگرتن لەهەموان دەبێ ، چونکەئەنجوومەنەکەمانگانەکۆدەبێتەوە، سەبارەت بەرەوشی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو دۆزی کوردستان پرس و ڕاوێژ دەکات و گوێ لەڕامان و بۆچوونی جیاواز دەگرێ ، ئێستا کەپێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنەڕاگەیاندراوە، تەنیا سکرتێرو سەرۆکی ئەو لایەنانەتێیدا ئەندامن کەلەحکومەتدا بەشدارن ، بەمەش جارێکی دیکەئەو قسانەسەلمێندرایەوەکەدەگوترا دەیانەوێ حزب و سەرکردەکان بەسەر پەرلەمان و حکومەت داسەپێننەوە. هەرچەندەپێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنەلەبنەڕەتدا پێویست نەبوو، بەڵام کەتەنیا لایەنەبەشداربووەکانی حکومەتی تێدایە، ئیدی هەر بەجارێ گرنگی خۆی لەدەست دەدات و واتایەک نابەخشێ و پێناسەیەک ناهێڵێتەوە، چونکەمادام ئەو لایەنانەی کەلەو ئەنجوومەنەدا بەشدارن هەر هەموویان لەحکومەتیشدا بەشدارن کەواتەدەیانتوانی لەحکومەت و پەرلەماندا ئەو پرس و ڕاوێژانەبکرابان ، دەکرا لەوێ گوێ لەڕامان و بۆچوونی جیاواز بگیرێ .

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتەسیاسیەکانی کوردستان ، ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو گوتی : ئەو پارتانەی لەو ئەنجوومەنەبەشدارن، ئەوانەن کەلەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشدارن. جگەلەمانیش نوێنەری تورکمان و کلدان و ئاشووریش تیایدا بەشدارن، هەروەها ئەم ئەنجوومەنەجێگرەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نیەبەڵام ئەم ئەنجوومەنەبۆ ئەوەیەپرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان قوڵتر بکرێتەوەچونکەلەو ئەنجوومەنەباسی مەسەلەستراتیژی و کێشەکانی عێراق بەگشتی دەکرێت. هەروەها باسی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتانی دراوسێ دەکرێ !

ئەگەر وردبینانەئەو قسانەی ڕێزدار سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی بخوێندرێتەوەدەردەکەوێ کەنەک پرۆسەی دیموکراسی قوڵتر ناکاتەوە، بەڵکو بازنەو پەرژینی حزبی دروست دەکات و هزری دیکتاتۆری و باڵادەستی چڕتر دەکاتەوە.

گەلی کوردستان بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بەدەست حزب و باڵادەستی و خۆسەپاندن و تەکانەیی گەورەترین زیانی لێکەوتووە، ڕێگەی دیموکراسی لێبەرتەسک کراوەتەوە، چەمک و بۆچوونی چاخی بەردینی بەسەردا زیندوو کراوەتەوە، بەهاو پیرۆزی لەسەرکردەو حزبەکاندابەرجەستەکراوەتەوە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسی و لۆژیکی سەردەم و چەمکی ڕامیاری هاوچەرخانەبووە، دەکرێ بڵێین هاوتای بۆچوونەکانی سەردەمی شەڕی ساردبوونەو بەشێوازێکی دیکەو لەشوێنێکی دیکەدا جڵەوی دەستەڵاتیان وەرگرتۆوە. گەلی کوردستان بەرگەی بێدادی و باڵادەستی و خۆسەپاندن و شەڕی نێوەخۆی گرت ، با بزانین ئەنجوومەنی باڵاتی پارتەسیاسیەکانی کوردستان پرۆسەی دیموکراسی بەرەو چ ئاقارێک دەبات و بەچ ڕێگەیەک ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری بەدیاری دەهێنێ و چلۆن وانەو دەرسی سەردەمانەفێری نەوەی داهاتوو دەکات!!